کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
6-6-2007 23:47بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## وتمان ئەحزابی ئیسلامی لەمپەڕی نەرم بۆئەو پەڕی تووند چوون یەکن بەرانبەر بەکورد؟! ... جەمال فەتاح

سێ ساڵ پێش لەکۆمەڵە وتارێکدا باسی ئیسلامی سیاسیم بۆکردن و پێم وتن هەمویان وەک یەکن بۆ کورد وهەمویان دژی بەرژەوەندی نەتەوەکەمانن وهەمویان پیاوی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستانن و سەرچاوەی هەمویان شۆڤێنیستی عەرەبی وکۆنەپەرستی عەرەبین؟؟!!، بۆیە نابێت چاوەڕوانی چاکەیان لێبکرێت بەرانبەر بە کێشەی ڕەوای نەتەوەکەمان، بەڵام کەس حسێبی بۆڕای پێشمەرگەیەکی دڵسۆز نەکرد؟!.



دیارە کۆنەپەرستی عەرەبی وشۆڤێنیستی دەمارگرژی عەرەبی لەمێژە بیریان لەوەکردوەتەوە بۆسیاسەتی پان ئیسلامیستی عەرەبی وبۆبەرژەوەندی شۆڤێنست وکۆنەپەرستی عەرەبی سیاسەتێکی پان عەرەبی وپان ئیسلامی دارێژن کە بەرژەوەندی خودی شۆڤێنستی عەرەبی بپارێزن وهەر کات بیانەوێت وەک دەست ئاگرسێن هەڵگرانی ئەوبیرە بۆگەنە بەکار بێنن بۆ بەرژەوەندی عەرەب وئاینەکەیان، ئەمەش ڕیشەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی ڕابردو کە دروست لەکۆتایی بیستەکانی سەدەی ڕابردو ئەو بیرە شۆڤێنییە لەلایەنی حەسەن بەنای میسرییەوە دانراو سەری ڕەشی لەهێلکە جوقاو چاوی بەفێڵ وپڕلە تاوانی تروکاند.

ڕابیتەی ئیسلامی کە ئێستا خۆیان ناو ناوە یەکگرتووی ئیسلامی وکلک لەگەل کۆنەبەعسی وکۆنە جاش وبنەماڵەی سەدام تێکەڵ ئەکەن لەکۆتایی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو لەلایەن شۆڤێنست وکۆنەپەرستی عەرەبییەوە لەدژی شێعەگەریەتی ئێران دروست کراو هەمومان لەبیر مانە کە بەشێوەی زۆرئاشکرا لەسەردەمی بەعسییەکاندا لەناو کوردستاندا لەناو گشت مزگەوتەکان ولەدەرەوەی مزگەوتەکانیشدا ڕێکخستنی خۆیان ئەکرد ولاوانی کوردیان لەخشتە ئەبردو تووشی خیانەتیان ئەکردن بەناوی ئاینی ئیسلامەوە ڕێکیان ئەخستن بۆ بەرژەوەندی کۆنەپەرستی وشۆڤێنیستی عەرەبی بەڵام ئەو بەعسییە دڕندانە کە گومانیان لەهەر کەس بکردایە لەسەریان ئەدا لەگەل ڕابیتەی ئیسلامی نقەیان لێوە نەدەهات، هەر ئەوکات دیار بوو کە ماستی ڕابیتە یەکگرتوو نەک بێ موو نییە بەڵکو گوریسی تێدایە؟!.

وەک وتم لەکۆتایی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو کە تازە کۆماری ئیسلامی ئێران بەڕابەرایەتی خومەینی لەئێراندا دەسەڵاتیان گرتەدەست وە حکومەتێکی شێعەگەرایان ڕاگەیاند، شۆڤێنیستی عەرەبی وکۆنە پەرستی عەرەبی ئەمەیان بەمەترسی گەورە ئەژمارکرد بۆسەر خۆیان بۆیە لەڕێگای ئەخوانین مسلمینی عەرەبی ولەڕێگای ڕژێمە شۆڤێنیستەکانی وەک نمونەی سەدام حسەین کۆمەڵێک ڕێکخستنی ئیسلامی سیاسیان دروست کرد لەوڵاتانی عەرەبی سونەدا بەگشتی ولەگەلانی سونەمەزهەبی دەوروبەری ئێراندا بەتایبەتی، وەک ڕابیتەی ئیسلامی کوردستان یەکگرتووی ئێستاو حزبی فەزیلەی تورکیاو تالیبان لەئەفگانستان بزوتنەوەی ئسلامی چیچان ویەکگرتوی ئیسلامی لە پاکستان وهتد.. لەسەرەتادا ئەمانە هەمویان بۆدژایەتی شێعەو ئێران دروست کران چونکە ئەو نەتەوە سونیی مەزهەبانە کەناوم هێناون هەمویان هاو سنورن لە گەل ئێراندا، ئەو ئەحزابانەی کەناوم هێناون، هەمویان هاوکاری بەلێشاو لە ئەخوانین مسلیمینی عەرەبی وەر ئەگرن وبانکێکیان بۆکراوەتەوە لەکەنداوی عەرەبی وجیهانی عەرەبیدا بەناوی بانکی ئیسلامی وهەمو ئیمکانیات و پارەیان لەو بانکەوە بۆدابین ئەکرێت بەڕێکخراوی تیرۆریستی ئەلقاعیدەشەوە؟!، نوێنەری یەکگرتوی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئیسلامی لەسەرەتای هەشتاکانەوە بۆوەرگرتنی ئەوپارەو پاداشتانەی شۆڤێنیستی عەرەبی مەلا عەلی قەرەداخییە کە مامۆستای زانکۆی ئیسلامییە لە کەنداوی عەرەبی، ئەو زانکۆیەش هاوشێوەی زانکۆی ئەزهەری ئیسلامی میسرییەو هەر دوکی بۆ گەشانەوەی بیری کۆنەپەرستی وشۆڤێنیستی عەرەبییە؟!وە زۆربەی ڕابەرانی ئەلقاعیدەی تیرۆریست دەرچوی ئەو دوو زانکۆ ئیسلامییەن.

دیارە ڕێخراوی تیرۆریستی ئەلقاعیدە نوێنەری ڕاستەقینەی شۆڤێنستی وکۆنەپەرستی عەرەبین وباڵی سەربازی ئەخوانین مسلیمینن لەجیهان وناوچەکەدا.

کاتێک شۆڤێنستی عەرەبی بڕیاری دروست کردنی ئەو حزب وڕێکخراوە ئیسلامیانەیدا، بەپێی بارو زروفی ئەو ناوچەیەی کەتێیدا دروستی ئەکردن فەرمانی توند ڕەو ومیانە رەو ونەرم رەوی بۆئەدان بۆهەر پارتو ڕێکخراوێکیان بەشێوەی جیا، بۆنمونە لەباشوری کوردستاندا دەبوو نەرم ڕەوبن چونکە لەلایەک جەیشی ملهوڕی سەدام وبەعس لەگەل هیچ دەستەو لایەنێکدا هەڵی نەدەکرد ئەگەر توند ڕەو بایە ولەڕوی سەربازییەوە دەستیان هەبایە، لەلایەکیتر کورد خۆی گەلێکی شۆڕشگێڕ بوو هیچ لایەنێکی دژە کورد و دژە شۆڕشی پێ قبوڵ نەدەکرا، وە لەتورکییە هەر پێویست بوو نەرم ڕەوبن چونکە لەبەرانبەر عەسکەر تاریرتی تورانییەکاندا دەریان نەدەبردو هەر لەسەرەتاوە لەناو ئەبران بەڵام لەئەفگانستان پێویست بوو توند ڕەوبن چونکە نەلەشکری توند ڕەوی تێدا بوو نە بەر بەستێکی ئەوتۆیان هەبوو، پاشتریش باڵی ڕێکخراوی تیرۆریستی ئەلقاعیدەیان کردە سەرکردەی باڵی سەر بازی ئیسلامی سیاسی لەگشت ناوچەکەو جیهاندا، ڕێکخراوی تیرۆریستی حەماسیان کردە باڵێکی سەربازی بۆنانەوەی ئاژاوە لەناوچەکەدا، بەڵام هەمویان سەرچاوەیان یەکەو یەک ئامانج ومەرامیان هەیە ئەویش خزمەت کردنە بە شۆڤێنستو کۆنەپەرستی عەرەبی.

لەدوای ئەوەی مەلاکانی ئێران وکۆماری ئیسلامی ئێران هەستیان وبەو مەترسییەی ئەخوانین مسلیمین وشۆڤێنیستی عەرەبی کرد لەسەر خۆیان هەوڵیاندا ڕێکخستنی شیعەگەرایی لە ناو شێعەکانی ئەفگان وپاکستان وئازربایجان و شێعەعەلەویەکانی تورکیاو شێعەکانی ئێراقیشدا دروست بکەن، لەکوردستانیش سەرەڕای دژایەتی کردنی جەماعەتی موفتی زادە کە باڵێکی ئەخوانین مسلیمین بوون لەخۆرهەڵاتی کوردستاندا هەتا لەناو بردنی موفتی زادە خۆشی لەناو زینداندا، هەوڵیاندا مەلاعەلی ومەلا عوسمان عەبدولعەزیز ڕێک بخەن وچەکداریان بکەن دژی ڕژێمی بەعس وسەدام کەئەوکات سەرکردایەتی شۆڤێنیستی عەربییان لەدوەستدا بوو، ئەشیان ویست پاشان دژی ڕابیتەی ئیسلامیش بەکاریان بێنن، بەڵام پەلاماردانی کوەیت لەلایەن سەدامەوەو لاواز بوونی سەدام و ڕژێمەکەی وڕاپەڕینی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی باشوری کوردستان لەدوای ئەو پەلامارەی کوەیتەوە هەمو معادەلە سیاسییەکانی گۆڕی و ئێران وگشت ڕژێمە داگیرکەرەکان دەبوو لەباتی دژایەتی یەکتری کردن دژایەتی دەسەڵاتی کورد و قەوارەی کوردستان بکەن، بۆیە معادەلەکان بەو جۆرەی ئێستا شکایەوە.

ئێستاش پێویستە سەرکردایەتی سیاسی کورد بە بێ دودڵی لێپێچانەوە لەگەل هەمو ئیسلامی سیاسی کوردستاندا بکات بەتایبەتی یەکگرتووی ئیسلامی وە وەک هەر عەرەبێکی شۆڤێنی ودژەکورد تەماشایان بکات چونکە زەڕەییەک بەلای بەرژەوەندی نەتەوە کەماندا ناچن وتاکو بەرژەوەندی کۆنەپەرستی وشۆڤێنیستی عەرەب وبەرژەوەندی داگیر کەران وەستابێت نەک لا لەکورد ناکەنەوە بەڵکو تاسەرئێسک دژی بەرژەوەندییە باڵاکانی نەتەوەکەمانن، ڕیشە کانیشیان بۆخودانییە بەڵکو بۆگەشتنە بەدەسەڵات جا لە هەرڕێگایەکەوە بێت ئەگەر ڕێگای کۆنە بەعسی سەرەک جاشە کۆنەکانیش بێت؟؟!!..

لەندەن
2007/6/5

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.